تێبینی: نووسەران و ڕۆشنبیران كەسایەتیە كوردەكان ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستان داواتان لێدەكەین: لەوانەیە ئێمە بیر و بۆچونی جیاوازمان هەبێ و هەر كەسە و بە شێوازێك بیر بكاتەوە بەلاَم یەك خالَی هاوبەش كۆماندەكاتەوە ئەویش كوردبوون و دادكۆكی كردنە لە بنەماكانی مافی مرۆڤ و ئازادی كەس بۆیە داواكارین كە بە یەكەوە و بە شێوەیەكی وا كار بكەین بۆ ئازادی د. كەمال كە ئازاد كرێ نەك دۆسیەكەی ئالۆزتر كەین.
ئەگەر پشتیوانی لە نامەیەی خوارەوە دەكەی پەیوەندی بەم ئیمەیلەوە بكە ناوی خۆت و خێزانیت یان ناوی سیانی و پیشە و شوێنی نیشتەجێبوونتمان بۆ بنێرە بەم ئیمەیلە
hajarkhoshnaw@hotmail. com

## بۆ بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان

ئێمە لە دوورەوە دێین ئەو هەگبە و فەرهەنگەی لە شانی هەمووماندایە بریتیە لە خزمەت كردن بە كوردستان و دۆزی ڕەوای كورد، بەڕێز كاك مەسعود ئێمە دلَنیاین بە هۆی گەشتەكانت و سەرقالیت بە چەسپاندنی مافە ڕەواكانی كورد كە هاوتەریبن لەگەلَ بنەماكانی مافی مرۆڤ، بەڕێزتان ئاگاتان لەوە نیە كەوا لە پایتەختی هەرێمی كوردستان دادگا بڕیاری ۳۰ سالَ زیندانی بۆ نووسەرێك بڕیوەتەوە لە سەر دوو نووسین، بەڕێز كاك مەسعود ئێمە پەخشندەیی تۆ دەناسین بۆیە ئەم داوایەت بۆ دەنووسین كە ئەم نووسەرە ئازاد كەیت، وە كاتێ ئێمە داوای ئازادی بۆ كەسێك دەكەین بە مانای ئەوە نیە كە ئێمە لەگەلَ نووسینی ئەو كەسە داین بەلَكو ئێمە هەموومان بە سواری یەك كەشتین و ئەگەر هەر شتێكی لێبێ بە خنكانی هەموومان كۆتایی دێ، بۆیە تا بە خراپی بەسەر ئەو ئەزموونە دیموكراسیەی هەرێمی كوردستان نەشكێتەوە و ماسمیدیای جیهان و نووسەر و ڕۆشنبیران لۆمەمان نەكەن ئازاد كرێ، چونكە پێویستە ئێمە دوور بڕوانین و پەیوەست بین بە بنەماكانی مافی مرۆڤ و ئازادی كەس.
زۆر سوپاس بۆ دلَسۆزی بەڕێزتان

## ناوی ئەو كەسانەی پشتگیری لەم نامەیە دەكەن

1. هەژار خۆشناو- ئیتالیا ) نووسەر)
2. مهاباد كوردی – سوید ) نووسەر)
3. درەسیم دیبەگەیی – دانیمارك) نووسەر)
4. جەزا جینگانی - ئەلمانیا ) نووسەر)
5. هاوڕێ باغەوان- هۆلَەندا ) نووسەر)
6. هیشام ئاكرەیی – سوید ) نووسەر)
7. كاوێز مەلاپەروێز – باشوری كوردستان ) نووسەر)
8. هیوا عەبدولاَ – بەلجیكا
9. بەهزاد نەقیب – فینلاند
10. عومەر فارس عەزیز – هۆلَەندا (بەرپرسی كوردستان نێت)

. 11حەمە ڕەوف – سویسرا ) نووسەر)

. 12 سیروان بابان- ئەلمانیا (نووسەر)

کامەران کوردی – وولاتە یەکگرتووەکان (فێرخوازی زانکۆ)

ئاسۆ گۆران – سوید (شاعیر)

کاڤا موکریانی – کەنەدا